

# کوردەکانی بەغدا

## لەبەردەم هەڕەشەی ناسنامەی نەتەوەیی و کلتورییدان

**کوردێکی بەغدادی " ئەو کەسانەی بوونەتە نوێنەری کوردی فەیلی کەسایەتی بەهێز و جەماوەری نین و بەرژەوەندی خوازن "**

● (عەبدولستار عەبدولکەریم)ی تەمەن (45)ساڵ کوردێکی دانیشتووی بەغدایە و هەر لەوێش لە دایکبووە، شانازی دەکات بە کوردبوونی، بەڵام هەرگیز لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی نییە و پێی وایە چارەسەر بۆ کێشەی کورد فیدراڵییە، بەڵام بە مەرجێك زۆر بە پتەوی بەناوەندەوە ببەسترێتەوە و هەڕەشە لە یەکپارچەیی عێراق نەکات.

ئەم بۆچوونەی (عەبدولستار) جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی زۆری هاونەتەوەکانی لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدان، ئەمەش بە ئاشکرا لە کۆکردنەوەی (2)ملیۆن ئیمزادا بۆ ئەنجامدانی راپرسی دەرکەوت لە ساڵی (2004)دا .

لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کورد لە شاری بەغداد دەژین، بەڵام لە ڕووی سیاسی و کلتوری و ڕۆشنبیرییەوە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر نەخشەی ئەو شارە نییە.

قازی(دارا نورەدین) ئەندامی پێشووی مەجلیسی حوکمی عێراق و ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کورد لە بەغدا نزیکەی یەك ملیۆن کەس دەبێت و بەشی زۆری ئەم ژمارەیەش کوردی فەیلین.

لەگەڵ ئەوەی ئەم ژمارەیە نزیکە بە 4/1ی دانیشتوانی بەغدا، کەچی لیستە کوردییەکان لە

هەڵبژاردنـدا دەنگێکـی ئـەو تۆیـان نـەهێنا، لـەو هەڵبژاردنـەدا لیستی هاوپـەیمانی کوردسـتان کـە گـەورەترین لیستی کوردییـە تـەنها (25) هـەزار دەنگی بەدەستهێنا کەزۆر کـەمترە لـەو ژمارەیـەی کورد بـۆ خـۆی ئیدیعای دەکات بـۆ بـوونی کـورد لەو شارەدا.

کوردەکانی بەغدا کە زۆربـەیان کـوردی فـەیلین و شـــیعەن، لـــەژێر کاریگەریـــەکی گـــەورەی مەزهەبیـــدان، ئەمـــەش وایکـــردووە لـــە ڕووی سیاسیەوە ئەوەندەی بە دیوی هاوبەنـدی شیعەی یـــەکگرتوودا بکـــەون ئەوەنـــدە لـــە لیســـتی هاوپـەیمانی کوردسـتانەوە نزیـك نـەبن، بـەڵام لـەلای فەیلییـەکانیش ئـەم گازاندانـە وەڵامـی خۆیان هەیە.

(جینان فازڵ) کچە کوردێکە ناتوانێت بـە باشی بـەزمانی کـوردی بـدوێت، بـڕوای وایـە ئـەو کەسانەی بوونەتە نوێنەری کوردی فەیلی لە نێو دوپارتـــە ســـەرەکییەکەی کـــورد کەســـانێکی جەماوەری نـین و کەسایەتیان زۆر بەهێزنییـە و بەرژەوەنـــدیخوازن بۆیـــە نـــاتوانن کاریگـــەریان هەبێت.

(کـەنعان یـاوەر) کـە خـەڵکی خانەقینـە ئـەو تۆمەتانـە بەڕاسـت نازانێـت کـە کـوردی فـەیلی لەژێر کاریگەری مەزهەبیدا هەستی نەتـەوەییان لاوازبێـت، ئـەو دەڵێـت ئەگـەر تەماشـای شـاری خانـــەقین بکـــەین دەبینـــین کـــوردی فـــەیلی زۆرینەیە، کەچی هاوپـەیمانی کوردستان (98٪) دەنگـــەکانی بەدەســـتهێناوە، ئەمـــەش ئـــەوە دەگەیـەنێت کـە سـەرکردە کوردەکـان گرنگیـان نـەداوە بـە کوردانی بەغدا بـە بـەراورد لەگـەڵ کوردەکـانی خانـەقین. هەربۆیـە فەیلییـەکانی بەغـدا بـە چـەند لیسـتێکی جیـاواز چـوونە هەڵبژاردنـەوە و دەنگـەکانیان پەرتـەوازە بـوو، بێریڤان کچێکی (24) ساڵە و گلەیی لەوە دەکات کـە پارتـە کوردییـەکان لەگـەڵ ناهـەمواری و ناخۆشـییەکانی کـوردی بەغـدادا نـەبوون، لـەم بارەیـەوە دەڵێت"بـەدەیان خێزانـی زۆر هـەژاری کورد دەناسم لە لایـەن پـارت و لیستی دیکە کە نایەوێت ناویان بهێنێت یارمـەتی دراون، ئەمـەش وایکـردووە، لایـەنگری ئـەوان بـن نـەك پارتـە کوردییەکان"

تێکەڵاوبوونی کوردەکانی بەغدا لەگەڵ عەرەب کاریگـــەری لەســـەر ناســـنامەی کلتـــوری و کۆمەڵایەتیان دەبێت بەتایبەتی لە ڕوی تێکەڵاوی ژن و ژنخوازییەوە.

(جینـــان) لـــەم بارەیـــەوە دەڵێـــت"ئێمـــەش حەزدەکـەین هاوسـەرەکانمان کـورد بێت، بـەڵام کوڕی کورد نایەتە داوامان"

(هەدیل موستەفا زەهاوی) کە بنەماڵەکـەیان لە ساڵی (1963)وە لـە بەغـدا دەژیـن، خـەون بـە پێکهێنـــانی دەوڵـــەتێکی کوردییـــەوە دەبینێـــت. بۆئـــەوەی ڕۆژێـــك بێـــت بگەڕێتـــەوە دەوڵـــەتی ڕاستەقینەی خـۆی و چـیتر لـەناو پایتـەختێکی عەرەبیدا هەست بـەوە نـەکات کـە ئـەو سـەر بـە نەتـــــــــــــــەوەی باڵانییــــــــــــــــــە.

راپۆرتی ئیبراهیم ئیسماعیل - بەغدا

